# سەما لەگەڵ خەم




بەگوێرەی ساڵنامەی وڵات تەمەنی زستان ڕوو لە کزبوونە. بە کورت بوونی سێبەری نسێکانڕادیارە ڕۆژە کورتەکان بەرەودرێژی دەکشێن. ئەو فەسڵەی پێیدەڵێن چلەگەورە ئەوە کۆتایی هاتووە ئیدی سەرماو بەستەڵەکیش سووکدەبن. هەمووومان چاوەڕێین هاکا قازوقورینگەکان لەگەڵ شەپۆلی پەڵەهەورەکان دەرکەوتن.

هەیاس ئانیشکی داداوەتە سەر ئەژنۆی چەناگەی خستۆتە لەسەربەری دەستی چاو لە ڕوخساری خولە دەکات چۆن خۆشحاڵە بۆ کاتی ڕاو و زیندانی کردنی پەلەوەرەکان. هەیاس چەناگەی لەسەربەری دەستی لادەبا و برێک نیگای لە من دەدزێتەوە هەست بەوەنەکەم بۆخۆی دەزانێ. هەناسەیەک هەڵدەکێشێ وەک بەیانی چەندێڕ قسە پڕمانان. من جەوهەری هەیاس دەناسم لە دەربڕینی پیتەکانی لە دەمی دەترازێن. کە

باس له بابەتێکیش دێتەگۆڕ بیری دەناسم چی له ناخیدایه. خولەی قالەڕاوچی دەکەوێته حیتەحیت دەڵێ: بزاتی خواد خەریکه فەسڵی جووت بوونی کەوەکان نزیک دەبنەوه ئەوه بازاڕی منه دەبێ خۆی بۆ ئامادەکەم.

خەریکم بڵێم هەیاس چۆن لەم دۆخەدەرچین ئیدی نەیارەکان پێمان نەڵێن فاسۆلیاخۆرو کەمپ نیش و تەسلیم بوو. ئاخر بۆ بەدبەختیمان تاقمیک پەیدابوون خۆیان ئاو لەکانی دوژمنەکەمان دەخۆنەوه، کەچی لێمان بوونه ڕۆستەمی زەمانە! هەرچی قسەی پڕوپوچه پێمان دەڵێن. دەڵێم ئەوه تەمەنمان هەڵکشاوه ئیدی وەک جاران نین مل بدەینه بەرقورسی هەموو هەرەسێک.

هەیاس دەڵێ: کوڕه ئەوانەی تازه وەڕێ دەکەون دەبێ بڕێک ناووناتۆره لەوانەبنێن لەپێش ئەوان کەوتوونه مەیدانی خزمەت. ئەوانه هیچ نین مەگەر تارماییەکانی پشتیان بۆیان ببنه سەنگەر. لەوەگەڕێ تۆ بیرد لەوەکردۆتەوه بۆچی ئەوەی بەحاڵ له ڕووی جەستەیی و تواناوه دایه کزی زۆر بێنرخ و فێڕدراوه! مەبەستم ئەو کەسانەیه خزمەتکاری وڵاتن لەکاتی تەنگانه کەم سەرنجیان پێدەدرێ.

تا حەدێک سەرم لەو دەربڕینه کوتوبڕه سووڕما!: یانی چی که لەڕووی جەستەیی لاوازبووی فڕێدەدرێی. هەیاس دەڵێ: له حیزبایەتی و سیاسەتدا ئەوه ئاساییه مرۆڤەکان تەنیا کەرەسەیەکی کاتین بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان. ئەوەی نەمرێ و لەژیان نەمابێ پاڵەوانی نیشتمانی نیه. واتای حیزبی شەهیدان و شەهید پەرەستی لێرەوەدێت. تاوەکوزیندوی هەردیارنی! کەمردی و ئاگات لەهیچ نییه بویه پاڵەوانی بێ جێگرەوە؟

مەگەرنازانی من و تۆش هەروایین. ئەوەنییە سەدان کوڕوکچ لەم مەیدانەن وەک پاڵەوان سەیردەکرێن. بەڵام هەرکام لەوانە هەڵەیەک دژی سەرۆکی بکات، یان بریندار و شەل و سەقەت و نەخۆشکەوت وەک سەرباری دوای شەڕ لە ماڵەکانیان تەریک کەوتوون. چەندم پێخۆشە ساڵ تازەدەبێتەوە و خۆمان بۆ بەخێرهاتنی نەورۆز ئامادەدەکەین، دەهێندە نیگەرانم ڕۆژێک لەکاربکەوم وەک دەسکە پێمەڕەیەکی شکاو فڕێم دەنە زبڵ دانەکە.

جارێ خۆم تەندروستم، وەک ئەستێرەی سووری پڕۆلیتاریا بانگم دەکەن. بۆیە زۆر ئەهەمیەت نادەمە نیگەرانیەکەی هەیاس. بەڵام دوور لە تێگەیشتنی من و تێنەگەیشتنم لەوەی هەیاس دەی لێن، خاتون ئەوە دەرک دەکات هاوڕێ و هاوسەرەکەی دەڵێ چی. ئەو بەدزی هەیاس پرسی بەبارەگای ڕەهبەر کردووە دۆخی هەیاس چۆنە. پێیان کوتووە نیگەران مەبە کە هەیاس لە کارکەوت تاوڵێکتان دەدەینێ وەک سەرپەنا لەژێری بژین. هەیاس ئەوەنازانێ.

ئێمە لەبیری سووڕی تەمەنیساڵین. چەند حەوتووی ماوە بۆ وەرسوڕانی تەمەنی ساڵ. سەرەڕای ئەو کۆسپانەی هەیە وەک نەورۆزەکانی ڕابردوو هەیاس خۆی تەیارکردووە ئەمساڵ بەدڵ بۆ هاتنی نەورۆز هەڵپەڕێ، ئەویش لە داخی من چونکە هیچ مەیلی پێشوازی لە نەورۆزم نییە. بەدست خۆم نییە ئەمساڵ هیچ پێمخۆش نییە تاڵە سیغارێک بەناوی بەخێرهاتن لە نەورۆز داگیرسێت! کەچی هەیاس کۆری هەڵپەڕینی دەست نیشان کردووە. نیگارکێشەکانی ڕازیکردووە بڕێک وێنەی دەگمەن چاپ بکەن ئەو لە مەیدانی هەڵپەڕین بۆ نەورۆز نمایشیان بدات. خەریکە هەژگ

و چرپی گویٚ باخچەکان کۆدەکاتەوە بۆ بەرپاکردنی ئاور. چەند قوتابی کوردی زان و دەنگ خۆشی بۆ خوێندنەوەی شێعرەکانی قانع ڕێکخستووە. دەستەی شانۆگەری ئیلامی تێگەیاندووە دەبیٚ شانۆیەکی پڕمانا پێشکەش بکەن لە دژی چیرۆکی زوحاک و کاوە، کە کۆدەتاچیەکانی فارس دژی کورد هۆنیویانەتەوە. لەوەخۆشتر ناردوویە دەهۆڵ کوتەکانی شاری سنە بێنە ناوچەی دەری و کانی سانان لەویٚ گۆڤەندی نەورۆز وەسەماخەن.

لە ئێستاوە خولەی قالەڕاوچی خۆی تەیارکردووە بەمزوانە بڕوات بۆ ڕاوەسیپە بۆ کەوگرتن. دەسکە داوەکانی ڕێکخستووە بۆ ڕاوی خاسەکەوەکان. چەند کەوی دانسقەی بۆ ڕاوی ناو سیپەکان حازرو ئامادە کردووە پێیوایە ئەوانە نەبەز و ئامادەن بۆ ڕاوی ناو سیپە. ئاخر لەسەر ئەم پیشە باشەی پارەکە جەریمەیان کردووە. چەند قەفەز کەوو دوو دەسک داویان لێزەود کردووە، لەسەر ئەوە توڕەیە دەڵێی لە سەرۆکی یەکێتی کرێکارانی تەڕاکتۆز سازی قوروە لابراوە. خولەی قالەڕاوچی تەڵاقی خواردووە لە داخی حکومەت هەربچێتە ڕاو.

من قینم لە ڕاوەکەوە ڕاوچی بەداو ئەنجامی دەدەن. بۆیە ڕاوی داوو سیپە بۆ ڕاوی پەلەوەر بەجورم دەزانم. زیندانی کردنی پەلەوەرەکان لام وەک زیندانی کردنی نووسەرێکی ڕاستگۆیە. وادەزانم لە قەفەزکردنی کەوێک قرتابیەکی زانکۆ لەسەر دەربڕینی قسە ڕاستەکانی خراوەتە زیندان. خولەی قالەڕاوچی ئاشقی ئەو پیشەیە ڕێک چۆتەوەسەر ڕێچکەی باوکی. کە لە مەجیلسان دادەنیشیٚ تەنیا باسی ئەو پیشە کۆن و دژە ژینگەیە دەکات. ئەو من و هەیاسی پیٚ گەوجە زەمی کارەکەی دەکەین.

هەیاس ئەوەی باشە لەگەڵ ئەو پیشەیە نییە هەر زۆریش لێی بێزارە. ئەو دەڵێی نەوەی عەلی خەندانە دایم دەسماڵێک لەبەرپشتێنەکەیەتی قیت بەڕێگادادەڕوات. هەیاس دڵ تەڕە، مەیلی ئەویندارى لە دڵیدا چەکەرەی داکوتاوە تەنیا گۆرانی و شێعر و لاواندنەوە پاراوی ڕۆحی دەکات. تاحەدێک دژی شۆڕشی چەکداریە ئەو لایەنگری شۆڕشی فەرهەنگی و گەشەی کۆمەڵگا لەڕێگای زانستە فیکریەکانە. تەواو مەیلی هەڵپەڕین و سەودای ناو ڕەشبەڵەکی هەیە. هەیاس و خولە دوو ڕۆحی جودان بەڵام هاوڕێ باش لەگەڵ یەکن.

من حەزم لە سێرسێکن و دامە و هەلوکێنە. ئەگەر کۆری بەیت بێژی بێت پێمخۆشە تێیدابەشداربم. نازانم بۆ قەت هەوڵم نەدا فێری سەنعەتێک بم بۆ بژیوی ماڵ و منداڵم. دوای پیشەیەک کەوتم ناوی خزمەت بەنیشتمان و بەرگری و شەڕە تفەنگ بوو. ئەوەش لای کوردان زۆر قەدری نییە وەک پێشەی پینەچیە گەڕیدەکان دەچێ؟ ئائا تەنیا ئەوەندە قەدری هەیە تفەنگت پێیە و چالاکی، چونکە کورد سەرکەوتنی خۆی لەم پیشەدا دەدۆزێتەوە. بەحاڵ لەم پیشە و لە جەغزی حیزب دوورکەوتیەوە جا ئەگەر بەهۆی پیری و سەقەتیش بووە نرخێکی وات نییە. بەڵێ بەحاڵ قسەبکەی بەدڵیان نەبێ پێتدەڵێن ئەوە هیچ نەبووە. لەسەر ئەوخەیاڵە شەو درەنگانێک خۆم لە شەڕی هەیاس و خولەی قالەڕاوچی دەربازدەکەم. شەو گوێم لە هەواڵی ڕادیوێکان بووە دەزانم بەمزوانە شەڕێکی قورس بەرۆکی وڵات دەگرێ. شەڕێک لەلایەک دژیم چونکە شەڕ خێری تێدانییە غەیری فەسادی و پەروەردی دز و تاڵانی. بەڵام هەرچی سەیری دۆخی کورددەکەم

دەڵێم دەچمە پەنا هەموو ئەوانەی بەحاڵ تەڕایی دەستگرتنیان هەیە لەدژی داگیرکەر و دوژمنانی کورد.

ئایا شێت و کەللەی بووم ئاوا بیردەکەمەوە! ئایا بیرکردنەوە لە پەیداکردنی ئیمکانی ئەوە بتوانی زەختەکان لەسەر نەتەوەکەت سووک بەکەی کارێکی خائینانە و لادان لە پرێنسیپ و ئەخلاقی مرۆڤانەیە؟ ئەی ئەوەنیە سەدان ساڵە بەناوی برایەتی و جیران و ئاریایی و دین لە دەرگای تورک و فارس و عەرەبمان دا. چەکمان بۆ کردنەشان شەڕی دژی خۆمان بۆ کردن کەچی هەر دژمنان بوون و بەسوکی دوژمن کارانە سەیریان کردم.

هەرچی بیری لێدەکەمەوە بەبێ دۆزینەوەی یارمەتی بەهێز کورد هەر لەژێر ترسی کوشتن و بەرتەسک بوونی شوناسی خۆیەتی. لە شەڕدا گەورەبووم. خۆم و هاوسەر و منداڵ و هاوڕێ و جیران و کەسوکارم لەژێر تۆزی ستەمی شەڕ و پەلاماری داگیرکاری پێمان گرتووە. لە کەلتووری ئێمە شەڕ بۆتە حەکایەت و نەقڵ بۆ خەوتنی منداڵەکانمان. شەڕ واڕۆح و کەسایەتی وێرانکردوین ناتوانین بەهێمنی لەسەر پێخەفەکەمان پێدرێژبکەین. شەڕ و داگیربوونی خاک و لێساندنی کەسایەتی وایکردووە وەک ژنێکی دووگیان چۆن لە بەرچاوی پیاوە دواکەوتووەکان ئەندامی دادەپۆشێ نەکا هەست بە دووگیانی بکەن و لۆمەی ڕێگاڕۆیشتنی بکەن! شەڕ دەمارە نەرمەکانی جەستەمانی وەک پلاستیکێکی ڕەق لێکردووە لە جێی خۆمان بجوڵێن شەڕی ڕۆحی لە دەروونی خۆمان ڕوودەدات. شەڕ جەستەی نەتەوەی ئێمەی کردۆتە ئامێرێکی ناجێگیر واهەست دەکرێ لای دوژمنەکان هەموومان مرۆڤ کوژ و ناهوشیارین! نفرەتم لە هەموو شەڕێکە. شەڕ واتای

تێکدانی هۆش و بیرکردنەوە. شەڕ واتا هەڵتەکانی بناخەی لە یەک تێگەیشتن. دەزانم هەیاس و یارە و خاتون و تەنانەت خولەی قالەڕواچش لەگەڵم هاوڕان. ئەوەی دژمە ئەوانەن یان زۆرکورت بینن، یان ئەوانەن لەسێبەری شەڕدا ئامانجەکانیان دەبینن.

چاییەکەی خولە بۆی تێکردم خوارم. هەستابوومە سەرپێ بڕۆم. لە کەرکەرۆکەی دەرگای ماڵی هەیاس نەترازاوم لەپڕ سەدایەکی ترسناک بێدەنگی وڵاتی شکاند. لەژێر ئەو شەپۆلە قورسە سەماوەرکەی ماڵی هەیاس لەریەوە خەریکە بەسەرکچەکەی هەیاس وەردەگەڕێ. چەند قاپ و کەشەف لەسەر ڕەفحەی چێشتخانەکە کەوتنەخوارێ. لە دەرەوە حەشامەتی کۆڵان و شەقام وەک ئەو پۆلە پاسارییانەی لەسەر داری گوێی شەقامەکەن فڕین و بڵاوبوون. چاوم لێبوو هەیاس و خولە و خاتون لەم زرمەیەدا ئەوانیش داچڵەکین هەرکامە بەلایەکدا ڕەوی برد.

سەرم هەڵبڕی دەبینم لەبەری قازوقرینگەکان ئاسمان پڕبووە لە فڕکەی فڕۆکە عەجایبەکان نازانی بەچ خێراییەک ڕووبەری ئاسمان دەپێون! بەگوێرەی هەواڵە زانستیەکان تێگەیشتم ئەو فڕۆکە و چەکانەی تازە دروست کراون هێناویانن لەسەر عەرزی ئێرە توانایی و هێزی کاریگەریان تاقی کەنەوە. بۆمب و ڕاکێتەکانی لە ژێر فڕۆکەکان دەهاتنەدەرێ ئەوانیش دەبوونە فڕۆکەیەکی تایبەت ئاراستەی خاڵی پێکان دەبوون. لەو نمایشەدا تێگەیشتم ئیدی شەڕی تفەنگی مرۆڤ خەریکە بەرەوی خۆی لە دەست دەدات. ئەوەی هاتۆتەمەیدان پەلەوەرە ئاسنینە

هۆشیارەکانن دەوری جەنگی پێشکەوتن دەبینن. ئەوەی خاوەنی ئەوەش بوو تاحەدێکی زۆر براوەیە. دەنگی بۆمبەکانی ئەو پەلەوەرە ئاسنینانە بەری دەدەنەوە شەپۆلێک لە دوکەڵ و سەدای گوێ کەڕکەر لە دواخۆیان جێدەهێڵن. دەبێتە هاواری سەرشەقام. خەڵک ڕادەکەن. دەنگی زەنگی قوتابخانە دێ بۆ بڵاوەکردنی قوتابیەکان. هاواری منداڵی قوتابخانەکان لەژێر قریشەکەی باڵی فڕۆکەکان بەشەقام وەردەبێ. خەڵک پەنا بۆ پەسیوی ئەمین و ژێرخانەکان دەبەن تا لە شەپۆلی بۆمبەکان پارێزراوبن.

چاوێک بە مەجلیسەکدادەگێڕم بزانم کێ دۆخی باشە و دەبێ یارمەتی کێ بدرێ. خولەی قالەڕاوچی تەندروستە غەمی ئەوم نییە دەتوانێ خۆی ئیدارەبکات. هەست دەکەم هەیاس بەو دۆخەی هەیەتی جوڵان و خۆپاراستن بۆی قورسە. ئاخر ئەو لەو مرۆڤانەیە زۆر دەست کورتە. لەبەرحەیایی خۆی دەستی بۆ کارێک نەبردووە نانێک بۆ منداڵەکانی پاشەکەوت بکات پێیوابووە ئەگەر ئەوەبکات دەبێتە دزی لە میللەت. ئەوەم لا بەنرخە. بەڵام کە دەورووبەری خۆمان سەیردەکەم لە دڵەوە لەمەدا لە خۆم و لە هەیاس توڕەم ئاخر بۆ واین! خۆ دزەکان لای حیزب و میللەت بەنرخترن لە من و هەیاس. تاقمێک لە هاوڕێیانی ئێمە دزیشیان دەکرد کەچی لای سکرتێڕ کادرو بڕبڕەپشتی حیزبن! بۆیە هەیاس توانای کڕینی ئوتومبیلی نییە بۆ هاتوچۆی خۆی، دەبێ وەک کەسانی هاوشێوەی خۆی هەموو دژواریەکانی شەڕ و دەنگی داباراینی بۆمبەکان قبوڵ بکات و لە شار بمێنێتەوە.

غیرەت دەدەمە خۆم دەگەڕێمەوە دواوە. دەبێ پرس بە هەیاس بکەم ئاگاداری دۆخی بم چۆن خۆی ئیدارە دەکات. ئایا خاتونی هاوسەری و کچەکانی دەرەقەتی کێشەکان دێن. خۆ بەناشکوری نەبێ منیش وەک ئەوم ناتوانم شان بدەمە بن باڵی لەودۆخە دەربازبکەم.

لەو دۆخەدا هەموو چاومان لە یەکە بزانین کامەمان لە پێشدا بەرشەپۆلی بۆمب دەکەوین و دەمرین. وەک ئەو خەڵکەی رایدەکرد پشوم سوارببوو پێمابوو ئێستا ئێمەش وەک بنکەی ئەسڵەحە سازیە ئەتۆمیەکان بەربۆمب و موشەکی ئاڕاستەکراو دەبینەوە. بانگم کرد کەس بریندارنییە! ئێوەچۆنن. خاتون و کچەکان ماون. دوور لە تەسەوری خۆم ئەوان بڕیک ئەهۆن هاتنەبەرچاو. کەوتمە قسەو دوان لەگەڵیان.: وەک دەمێکە لێی بێخەبەرم کوتم ڕەنگە بۆشم نەبێت لێیت بپرسم بێتاقەتی یا هێمنتری. قەیناکە پێمبلێ ئەمشەو باش خەوتی. ئازاری دەمار و ماسولکەکانت چۆن بوو. خۆشت دەبینی هەراو قریشەکەی پەلەوەرە ئاسمانییەکان حەجمینیان نییە.

دەبوو یەک بدوێنین تاترس نەمان خنکێنێت. من و هەیاس دەمەتەقێمان بوو. درێژەم داقسەکان: لەژێر ئەو هەرایەدا ئەی ئازاری قاچە نەخۆشەکەی تۆ چۆنە هەیاس. دەزانم ئەمساڵێش کە شەڕ بەرۆکی ناوچەکەی گرت وەک پارەکە نەتوانیوە شار بەجێبلێ. تێدەگەم نەبوونی کەرەسەو ئیمکان دەستت دەبەستن لە دەست بردن بۆ ئەوەی لازمتە. تەنیا ڕێگای خۆپاراستن و پەناگرتنتان پەنا بۆ ژێرخانی ماڵەکە دەبەن! ڕەنگە دۆخی شێداری ژێربناکان بۆم دۆخەی ئێوە باش نەبن. وانییە؟ سەرەڕای

ناتەندروستیت دەت بینم لەم دۆخەدا خۆدەگونجێنی ئەوە جێگای دڵخۆشیە. لەگەڵ ئەوەش ڕازیم بەوەی دەزانم ئەمڕۆ تەندروستیت جێگیرە.

بۆ خۆپاراستن پەنامان بۆ ژێرخانەکەبردبوو. زۆری نەبرد ئەوەی پەنای شک نەبردبوو خۆی بەماڵی هەیاسداکرد. ژێرخانە بچوکەکە ئاخندراوە لە دەروجیران، هەرچی مانێکە نەتدیوە ئەمڕۆ لێرە زیتەی چاوی دێت. چەند منداڵ دەکڕوزێنەوە. سێ ژن شانیان بەشانی یەکداوە باسی دوێنەکەی بازاڕیان بۆ یەک دەگێڕاوە. هەیاس لە قوژبنێکی ئەو ژورە لەسەرپنەی نان کردنەکەی خۆیان دانیشتووە.

خولە لەگەڵ ئەو سێ ژنە دەکەوێتە قسە بەیەکەوە هەواڵی ئەو شارە بۆیەک باس دەکەن. ئای حەزی لە مەجلیسی ئاوایە. مژێک لە ئەغزی سیغارەکەی دەدات وەک بۆمباران نییە و ماڵی کەس نەڕووخاوە، ئەو قسە نەستەقەکانی فڕێدەداتە سەربەرەی ناو ماڵەکە: هەتیوو غەمی چمە هەیاس سەوەتەی ناز و خەندەی ناومانە. بەقسەکەی خولە پێکەنین هاتە ناو خەڵک. هەموو یەک دەناسن. لەم هەنگامەیەدا وەک لەسەیرانین خاتون سەماوەرە خەڵوزە ئەنتیکەکەی خۆیانی هێناوەتەدەرێ، کە وەک دیاری بۆکێنی بۆیان کڕیبوو. سەماوەر ئاخندرابوو لە خەڵوزی تایبەت کەوتبوە گیزە بەرەو گەرم بوون دەچوو. وادیارە دەبێ تەشتێک هەڵوا سازبکەن جێگای نانیان بۆ بگرێتەوە. ژنی ئازا و کەبانو وەک پڵنگ هیچ کارێک لەبەریان عاسیەنییە لەسەر چرا عەلادینەکە کەوتوونە تێکەڵدانی ئاردی ناو ڕۆنەکە هەڵوای

لێدروست کەن. سرتەسرتی ئەو سێ ژنە لەگەڵ قرچەی ڕۆنی سەرچراکە بەردەوامبوو.

ماڵی هەیاس و خاتون بەوفەقیریەی لەگەڵی دژین وەک هەمیشە ئەمڕۆش پەنای کۆکردنەوەی جیرانەکان بوو!هەیاس هەڵگری یادەوەریەکانی تەمەنی نیشتمانە، کە لە گوندەکانەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو قاوەخانەی شار لەوێیە شاعیرانی وڵات هەودای هۆندراوەکانی خۆیانی لێگرێدەدەن. پێمناڵێ مێلودیای گەروی شمشاڵەکەی مامە قالە چۆن بوە کەوانی کەلتووری کوردستان سەدای سەدان بەیت بێژ و گۆرانی بێژی لە خۆیدا وێنادەکرد!

لەو ژێەرخانە تەنگەدا ژنێکی تەمەن مام ناوەندی دانیشتووە سەیری خاتونی دەکرد خەریکی گەشانەوەی ڕەژی سەماوەرەکەبوو. ئەو دوورتر لە ئێمەبوو بە دەسماڵەکەی سەری تۆزی پیلۆکانی دەسڕێ. دیاربوو لە پاڵ سرتەی ئەو سێ ژنەی هەواڵی جوانکاریان بۆ یەک دەکرد ئەو خەریکە خۆی ئامادەبکات بۆ قسە. بەناو نەمدەناسێ. بەڵام  بە یارە ناویان دەبرد. بە هەڵسوکەوتیدا دیارە لەو کەسانەیە ژن و پیاوەکانی لێرەن حیساب بۆ هەڵسوکەوت و ئاماژەکانی دەکەن. ژنەکە ویقارێکی کەڵە ژنانە لە سیمای خۆدەنوێنێن، وابزانم وێنەی ئەوم لە چەند گۆڤار دیوە لەسەر گرفتە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکان ڕای دەربڕیوە. ئەوەش من هاندەدات زۆر بەڕێز و سەرنج گوێ بۆبگرم تا لە دەوڵەمەندی بیری کەڵکم وەرگرتبێ.

یارە زۆر هێمن و لەسەرخۆ دەست بەقسەدەکات هەستدەکەی نووسراوەیەک لە گەرویدایە ئەو هێدی وشەکانی بۆ ئێمە بەیان

دەکات. ئەو ویقارە هێمنە دەمخاتە ژێرکاریگەریەک هەستدەکەم ئەوەیە هێزی ڕێکخستن و شکڵدانی نوخبەی جێگای متمانە جوانیەکان لە خۆیداکۆدەکاتەوە کەم شاعیر دەتوانن وەفسی بکەن. ئەو دەڵێ: ئەم کەونە بە زەرق وبرقەکانی نابنە ژێرخانی ژیانی یەک بوون. ئەوەی ئێمە کۆدەکاتەوە متمانە و باوەڕبەخۆمان و بەیاسای تەندروست و کەسایەتی تەندروستە. ئەوەی ئێمە دەڕۆخێنێ کەلتووری درۆ و سەرکردەی بێگانەیە بەنیشتمان. ماڵی هەیاس دیوارەکانی ڕوتن هیچ قاڵیچەیەکی لێ هەڵنەواسراوە وێنای ماڵێکی ڕوکەش بێ. خۆیان تەون دەکەن جوانترین مافورەی ئێرە هی دەستکردی ئەوانە، کەچی ڕاخەری خۆیان زیلۆیەکی ڕەقی پینەکراوە. بەڵام ئەم ماڵە بەم سادەییە وەک سندوقە بۆ هەڵگرتنی کۆلکەی بەڵگەنامەکانی ئێمە گوممان کردووە. لای جیلی ئەمڕۆ کە لە قاپوڕی دەستکرد بیریان شکڵی گرتووە وادەزانن ئەو جوانیەی هەیە هەروا شکڵی گرتوە و بۆتە بلورێکی پلاستیکی دەستکردی کارگەیەکی پیشەسازی. نا هەموو جوانیەک ئاکامی ئەرکێکی زۆرە تا گەڵاڵەبووە و چۆتە دێڕی هەڵبەست و هۆندراوەکان. زۆرسادە عەرزتان بکەم کاتێک شاعیرێک وەسفی مامزێک دەکات، خۆ ئەو ناتوانێ بەڵێ هۆ ڕەفیسکە نەرمی لەنجە جوان هێلانەی تۆ لە شەقامی شارە! نا ئەوە ڕێی تێناچێ مامز بتوانێ لە شەقام و پاریکی شار هێلانەی بێت. جێگای ئەو سروشتی چیا و هەردی پەنا گوندەکانە. بۆیە نابێ پێمان عەیب بێت شانازی بەو جوانییەبکەین لەگوندەوە هاتە ماڵی کەلتووری شار و بۆتە شێعرو پێناسە. بریا ئێمە خۆشەویستیمان گوم نەدەکرد. ئەو قسە وەک جیوەیەکی نەجوراو قورگی گرتم هاکا بم خنێکێت. سەرم داخست هیچم نەگوت.

خاتون چەند فویەکی کردە قۆڵی سەماوەرەکە بۆ گەشانەوەی ڕەژیەکان. هاوکات سەیرێکی منی کرد پڕمانا لێم ڕاما. زانیم دەیەوێ پێمبڵێ تۆ دوای ئەو کارەکەوە دەبێ ئەنجامی دەی. ئەو ژنی گوندەڕوخاوەکانی کوردستانە لەژێر ئەنفال و پەلاماری دوژمن سەدان و هەزاران کۆڵە نانی بۆ پێشمەرگەی کوردستان برژاندووە. هەزاران دەستە لیباسی بۆ شۆڕیون. نانی بەردەمی منداڵەکانی داوەتە ڕۆڵەی شۆڕش کە بە چەندهەزار ژنی شاری ئەوەیان نەکردووە.

ئەو لە من و هەیاسی هاوسەری قایمتر و پاڵەوان تربوو. لە دژوارترین دۆخدا بە قسە نەجیبەکانی تەمە لێڵەکانی دەڕەواندەوە. گاڵتە و جیدی و ئامۆژگاری لە کرداری ئەم ژنە دەدرەوشاوە. سەرەڕای ئەوە ئاماژەی دابووە من دوای ئەو کارەکەوم دەبوو ئەنجام بدرێ. گوتی: دادەی خاڵە خولە هەستە لەبری من چایمان بۆتێکە با میوانەکان تونی نەبن. گوێ مەدەنە ناڵەی هەیاس. چاو لێرە ئاوا لێی دانیشتوە لە ماڵەوەش لەگەڵ ناڵەو بۆڵەی لەسەرمان، قاچی لە ڕووخی تەختی نووستنەکەی بەردەداتەوە درێژ دەڵێی لۆلەپی مەشکەیە جۆلانەی پێدەکا. پێکەنین تێکەڵاو دوکەڵی سیغاری ناو ژێرخانەکەدەبێ.

خاتون ڕاستی دەکرد خۆم تاوێک لەوەبەر دیبووم دەسبێحی بۆ هەڵدەسووڕاند و جۆلانەی بە قاچی دەکرد. هەیاس ئەوەندەی تاڵی چێشتووە مێشی میوان نییە خەڵک دەڵێن چی و کام کێشە بەرۆکی دەگرێ. ئەوەی بۆ ئەو گرنگە تازەبوونەوەی یادەکانە و هێمنی گەڕەک. هێندە بۆ هاتنی نەورۆز بەپەلەیە دەڵێ ئەو دەبێ دەهۆڵی چۆپی کێشانی بۆ بکوتێ. هەی ماڵی بەقوڕنەگیرێ

پێیوایە کە ئاورد بۆ ناوی نەورۆز داگیرساند و ناوی هەلاوەمەلاوەت هێنا ئەوە تەختی زۆرداری لەگەڵ هەرەسی ڕندووەبەفرەکان تێک دەقرمێن.

بۆڵەی هەیاس و گروگاڵی منداڵانم لە کۆڵانەکان هەزار هێندەی ئەو شەڕە لاخۆشترە کەسانی وەک کوڕی شا بەتەمان لەسێبەریدا تۆڵەی بابی بکاتەوە و بگەڕێتەوە کۆشکی سەعداباد بۆ جارێکی تر لەگەڵ دایکە دزەکەی حکوم ڕانی بکات. من نفرەتم لە شەڕە. نفرەتم لە ئەو باوەڕەیە نانی شەڕ و فتواو دوژمنی دەرخواردی خەڵک دەدات؟

خاتون هەڵدەداتێ دەڵێ: وایە. ئەو دەسەڵاتە نەگبەتەی هەیە فرجەی ژیانی بڕیوە. چەندەهاساڵە خەڵک دەکوژن. تماشاکەن لە دووڕۆژدا دەسەڵاتی عەرەب چیها کوشتاری کرد. یارە هاتە دەنگ وەک لێکدەرەوەیەکی زۆر بەئەزونم هاتە بەرچاو: ئەوە دەستکردی نەتەوەخوازی تارانە وەک ئەوەی لە ئەنکارا و بەغدا هەیە. ئەوەی هەیە هەرناوێکی بۆ داندرێ فەرقی نییە ئەوانە هەردژی کورد و شوناسەکەین. ئەو سیستەمانە کۆماری و کومونیستی و لبڕاڵی و هەرچی، ئەوە ناوە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات لە کۆشکی حاکمانی ئەوانە. من باوەڕم بەوەنییە دەڵێن بەدەنگ و لە بازاڕی ئازاد ماف دابەش دەبن. نا ئەوە درۆیە بۆ خۆدزینەوە. ماف و تەعینی تەکلیفی کێشەکان لە ڕووی یاسایی و بە تەوافوقی جودا لە دەنگی زۆرینەو کەمینەیە بەدەست دێ. ئاخر ئەوان زۆرن هەر ڕاپرسیەک بێت ئەوان براوەن. من باوەڕم بە دەنگی ئازادی لەوجۆرانەنییە جاری بۆ دەدەن. شا و مەلا و ئیمام زادە و قۆرخکردنی دەسەڵات لە بن باڵی تارانە. نامەوێ

توخون ئەوجۆرە سیاسەتە بکەوم ئەمڕۆ لە بازاڕەکان کایەدەکات. ئەوەی لێی حاڵیم شەڕە بۆ دەسەڵات و خۆدەومەڵەندکردنی تاقمێکە.

هەیاس بێدەنگ پاڵی بە دیوارەکە داوە متەقی نەدەکرد. وابزانم قسەکانی منی لە دڵگرتووە لەسەر ئاوری نەورۆز. بەگنجی چڕوچاوی دیاربوو زۆری پێناخۆش بوو پێمگوت هیچ پێمخۆش نییە ئەمساڵ ڕوخساری ئەو نەورۆزەی تۆ بۆ هاتنی بەپەلەی ببینم. بەڵێنمداوە نامەوێ پوشە کایەکی سادەشی بۆ ئاورتێبدەردەم. دەزانی بۆ. بەچ چاوەڕوویەک لەبەرچاوی کێلی هەزاران نەمامی جوانەمەرگ بچینە گۆڤەندی ساڵێک تەمەنی زۆری لێساندووین. ئەی تۆ دەڵێی چیی؟ لەگەڵم هاوڕای یان تۆش کەوشی هەڵپەڕینت هەڵکێشاوە. خاتون چاوەڕێ بوو ئێستا هەیاس وەدەنگ دێ لینگە کەوشێک لە دەمم دەدات.

هەیاس ئەوەندە وەڵامم دەداتەوە: تۆ چۆنی دەرێس باوابێ. لێت بە ئیرادناگرم بە شیری چەق بەستوویی گۆج بووی. هەیاس ئیدیعای زۆری نییە. ئەو پشکوتنی گوڵی بەهاری لا خەڵاتە. هێندە ئەوینداری هەڵبەستەکانی بێسارانی و وەفاییە بەردە ناشیرنەکانیش لای ئەو جوانن. ناوێری لای ئەو بڵێ بۆ بالآی ئەو دارقەزوانە ناقۆڵایە. ئەو قەوزەی کوێرەکانیەکانی کوردستانی پێ لە پانتایی بەحری سپی لاجوانترە. قسەیەکی هەیە کە لەگەڵی هاوڕام دەڵێ جوانی خەڵک بەمن چیی. ئەوە جوانە لەبەرهەیوانی خۆمە. لەوەدەرچێ قسەکانی کەتان خۆدەربازکردنە لە گەڕان بەدوای جوانی ئەو حەقیقەتەی ئێمە خۆمانی تێدادەدۆزینەوە.

فڕەی فڕۆکە و قریشکەی تەقینەوەی بۆمبەکان هاکا بێخی ژێرخانەکەی لەبەریەک هەڵقەند. چەکە دژە ئاسمانیەکان لە ئاست ئەو پەلامارە بێدەسەڵات دێنە بەرچاو. تەقینەوەی ڕیزە بۆمبێک بۆ قەدەرێک هەموان بێدەنگ دەکات. پۆلێک ژن و پیاو ئایەتەلکورسی دەخوێنن. پیرە پیاوەێک خەتم بەدەنگی تەزبێحە بۆرەکەی دەکا. منیش جارێ نەکەوتومە ڕێگا بڕۆم. لێرە لە پەنا هەیاس هەڵ تروشکاوم. دێمە دەنگ دەڵێم: دەبێ عەرزتان بکەم دۆخی من وەک دوێنێکەیە. واتە وەک قاچە نەخۆشەکەی هەیاس. هەست دەکەم ئەمڕۆو دوێنەکە فەرقیان نەکردووە. بگرە ئەمڕۆ گەڵێک خراپتربووە لە دوێنێکە. باشە بەوەڕازیم و پێیدزانم ئەوە قاپوڕی ئامێرەکان شتی لێفێردەبێ و هەموو هەواڵێکت بۆ دێنێتە ماڵێ. ئەگەر کەڵکی خراپیشی هەیە هێندەی باشیەکان نییە. ئەوەی خراپە و لێی تۆڕەم شەڕە فێربوونەکان تێک دەدات! چاو هاڕەی فرۆکە و شەپۆلی بۆمبا هەموو باڵەخانە ئاسنینەکانی هەڵتەکاندووە. خۆ ئەگەر خراپ کارو گێرەشەوێنەکان تێدابچن جێگای دڵ تەنگی نییە! دڵ تەنگی ئەوەیە بۆ دەبێ کۆمەڵگای ئێمە بەشەڕ و کۆدەتا و یەک کوشتن دەسەڵاتەکان سووڕبخۆن! ئەی دەنگ و دەخالەتی خەڵک لە کوێن؟ ئەوە سەرەداوی گومبووی ناو دوکەڵی ئەو شەڕەیە دوژمنی خەڵک و ئازادی نەتەوەکان و بەیەکەوەحەوانە تێیدا دەبنە قوربانی.

خاتون ڕوم تێدەکات بۆ بێدەنگ کردنم. دەڵێ: لە سیاسەتی نەحلەتی گەڕێ خشتی ماڵی لەبەریەک دەرهێناین. چمان نەکرد بۆ سوڵح و کۆتایی شەڕ. سەرەڕای شەرخوزەکانی سەرخۆمان، ستەمکارەکانی لە هەزاران فرسەقەوە هاتوون لێرە شەڕدەکەن. چەکە نوێیەکانی خۆیان لە کوشتن و ماڵوێرانی ئێمە نمایش

دەکەن. ئەوانە بۆ ئازادی ئێمەنییە بۆ دەوڵەمەندی گیرفانی خۆیانە. ئەگەر بۆ ئازادی ئێمەیە بۆ لە ڕۆژئاوا دایانینە دەم گورە داعاشیەکان! بۆ مەگەر کەممان قوربانی دا بۆشەڕی ڕزگاری گەلان، کەچی دواییە هەر دۆستە عەڕەبە شۆڤێنیستەکانی کورد پاراستنی لێمان هەڵگەڕانەوە. ئەوی بۆ ئەو دۆستانە ئێمەیان جێهێشت! نا من لەگەڵ شەڕنیم. حەوانەوەی کۆڵانەکەی خۆمانم لە سەد خەڵاتی درۆین لا پەسندترە، باکیشم بە قسەی کەس نییە.

چاو کە دەیانەوێت داوای یارمەتیمان لێبکەن و وەک مرۆڤی سەردەم سەیرمان کەن، لەبری ئەوە پێمان بڵێن ئێوە نەتەوەن و مافی شوناس و ئیدارەی هۆڤیەتی خۆتان هەیە، سەرۆکی گەورەترین وڵات پێمان دەڵێ: ها کوردەکان شەڕکەری باشن. لە شەڕدا ئازان وەرن چەکتان بدەمێ برۆن شەڕی پێبکەن. کەچی ناڵێن باشە لەگەڵ شەڕی هاوبەش مافیشتان لەبەرچاودەگرین. دەڵیم ئێستاش ئەوانە فارس و تورک و عەڕەبیان لە ئێمە لاپەسنترە بۆیە تائێستا خۆیان لەقەرەی تیماری زماکەمان نەداوە.

لە ژێرخانەکە دیمەدەرێ دوای دۆزینەوەی ئەوەبکەوم خاتون ڕایسپاردووە. چاو لە کۆڵانەکەی ئەوبەر ماڵێ دەکەم پێموابێ من لە هەڵەدام زۆرشت گۆڕاوە بیری کۆڵی من نای خوێنێتەوە. بۆخۆت دەزانی دۆخی ژیان و تەندروستی لەم سەرزەویە شێوێندراوە وەک گوزەری هەواڵی ڕۆژە. باش و خراپ و مام ناوەندی زۆریان فەرق نییە. لە هەر جوڵەیەک ڕەنگە هەمووشت تێکەڵبن. لەوانەیە تێینەگەم. سەرەڕای ڕازیبوون لە گەشەی ئامێرە دەستکردەکان، ئەوەی خەفەتی لێدەخۆم هەستدەکەم

لەژێرزەبری ئامێری هوشیار خەریکە ئەقڵی جەمع گوم دەبێ! بیرکردنەوەی سەربەخۆی مرۆڤ خۆی لە بیرکردنەوەی ئەو ئامێرەدا دەدۆزێتەوە لە قاپوڕێکی پلاستیکی بەدەستەوەیە. پەرتوک گوم بووە. بیرە فەلسەفیەکانی ئەقڵمان لەسەری دەمەیی"ئائی"گورج وەڵامی هەمووی پێیە. خەریکە بڕوانامەکان بایەخی خۆی لە دەست دەدات. کۆمەڵناس و دەرون ناس و مرۆڤە یاریدەدەرەکان بوونە بوکەشوشەی بێڕۆح. گوێ لە هەرکەس دەگری وەک ئیزگەی لە گیرفانە لەسەر هەموو بابەتێک دەدوێ. منیش لەسەر ئامۆژگاری ئێوە خۆم سەرقاڵی گوێندانە قسەی کەسێانێک لەم خۆم شاروەزاتر کردووە.

بۆ دەربازبوون لەوقەیرانە دەبوو خۆم لە ڕۆحی سیاسەتی مەزەهبیان و نەسیحەتی خۆفەڕزکەر بدزمەوە. لە حەسار و ژێرخانەکەی هەیاس هاتمەدەرێ. دەزانم ئامێرە دەسکردەکان هەزارهێندەی ئێمە شارەزاترن ئیدی نایهێنێت تۆ زۆر قسان بکەی و شێرورێوی بۆ بەرانبەرد بهێنیەوە. دەست لەسەری هەیاس و خاتونی هاوسەری هەڵدەگرم چەلەحانێ زیادیان لەگەڵ نەکەم. هەیاس و میوانەکانیانم لە ژێرخانەکە بەجێهێشت تا پشوی خۆیان وەرگرن. دەبوو خاتونیش لەگەڵ ئەو خەڵکەی هاتبوونە ژێرخانەکەیان هەڵواکە دروست بکەن لەبری نان دەرخواردی میوانەکانی بدات.

حەساری ماڵی هەیاسم جێهێشت لە ماڵە ڕوخاوەکانی تازە بەر بۆمب کەوتن ترازام. دەنگی ئەو حەشامەتەی لەژێرخانەکەبوون نەما. ئەوەی دەنگی هەبوو هاتووچونی فڕۆکە و هاشەی موشەک بوو لە بینا دەست نیشان کراوەکان دەکەوت. لەوەگوزەرم کرد

گەیشتمە بناری گردێکی ڕووتەڵە چەندهۆیانێک لە گوندەکە دوورتربوو. گردێک پێیان دەگوت گردی ئاوری نەورۆزان. ئێرەیە بۆتە شاری ئەویندار سەری ساڵی هەیاس. لە باخچەی گوند تێپەڕیم قەدپاڵی گردەکەم بڕێ و پاڵم بەدرێژی ڕێگاکەوەنا. لە بناری ئەو گردە کوێرەکانیەکی لێیە گۆلێکی بچوکی لەبەرە پاشەکەوتی ئاوەکەی دەکرد. لەوبەرمەوە پیاوێکی ڕیش هاتوو دیارە لە ناو گیاجاڕێک قامچی داسێکی بەدەستەوەیە خەریکی ئەمبارەوبارکردنی ئەو مەڵۆ گیایانەبوو چەندڕۆژ بوو درووبووی. بەدەم ڕێگاوە سڵاوێکم بۆ نارد. وەڵامێکی هیلاک وەڵامی دامەوە. پیاوەکە خوڵقی کردم لادەمە لای ئاوێکی لابخۆم. بەڵام من پەلەم بوو دەبوو خێراتر بگەمە مەقسەد. وەک دەرمانی چارەسەرم بۆ هەیاس پێیە دەبێ کاتی خواردنی بگاتەلای. ئاخر هەیاس بۆ من گرنگە چونکە جەفای زۆرمان بەیەکەوە دیوە نابێ کەم تەرخەم بم لە ئاستیدا.

سپاسی وەرزێڕم کرد بۆ خوڵقە میهرەبانەکەی. لەوگوزەرم کرد. لە خوار سندی گڵی کەرێزی کانیەکە توشی کیژی خاوەن وەزێڕی ئەو عەرزەبووم پێێداتێدەپەڕیم. کیژێک تینی خۆر موژگانی چاوە ساواکەی داگرتبوو. قژی لە هیلاکی تێک ئاڵابوو تاڵ تاڵ هاتبوونە سەر پیلۆی. دیمەنێک لە نیگاری ناو قاپی تابلۆیەکی دەگمەن دەچوو. ئای خودایە کە هیلاکی چ تاموچێژێکی هەیە توشی مرۆڤێکی میهرەبان و دڵ فراوان دەبێ. لە ماندوونەبوونی و گوێدانە قسەی کچە لاوێکی گوند، کە خەریکی ئاودانی چەندچڵ بێستانی گوێ کانیەک بوو منی گێڕاوە سەردەمانێک خۆم تێیدا پێمگرتبوو. بۆ قەدەرێک سەیری بڕکەی بێستان و هەیکەلی کیژەکەم کرد. چەند بڕکەی سەوز لەسەر هێڵی دێراوەکە لێوی

وشكيان دەبزواند بۆ هەڵمژینی تەڕی قەدی هەڵدراوەی دێراوەکە. لەوە حاڵی بووم ژیان ئەو بڕکە بێستانەیە چۆنی خزمەت بکەی ئاوا بەرهەمی هەیە. چۆن زەویەکەی پوخت کرابێ بەهەرەکەی ئاوا وەڵام دەداتەوە. خۆزگەم دەخواست زەوی تێگەیشتن لە وڵاتی ئێمە بڕێک پوخت دەبوو خاوەنەکەی سوودی لە بەرهەمەکانی دەبوو.

ماندوونەبوونیم لە کیژی بەرخۆر کرد خەریکی ئاودانی بڕکە بێستانەکان بوو. بە دەنگە نەرمەکەی دڵم وەک پەڕی پێستانەکەی ئەو بەنوکی پێمەڕە ئاوی دەکرد بەن گەشاوە. کیژی وەرزێڕم بەجێهێشت. ئەو لەبەرچاوم گوندیەکی سروشتی بارهاتوو توخمی پاکی کوردستان لە پیلۆی چاوەهیلاکەی دەخوێندراوە. خۆم گوندیم گوند سەرچاوەی خۆشەویستی و میهرەبانی و هەموو ڕەسەنایەتیەکی پاک بوون تێیدا وەک بڕکەی بێستانەکان سەوزو جوانن. لە دێراوی بێستان و ئەو کیژەی وەک کیژەکەی خۆم دەچوو دوورکەوتمەوە. پشتم لە پیاوە وەرزێڕەکە و کچەکەی بوو وەک تەزووی گۆڕانێک سنگم بگرێ، ئاوا خیاڵ پاڵی نام وەک جاران ئاوڕێک لەودیمەنە بدەمەوە شاعیرەکان لە زمان پێنووسەکانیان وێنای دەکەن. وێنایەک دەکرێ لە هەموو ڕووەوە تۆیەکانی هەڵدەیەوە تا جوان و ناشیرین و تاڵ و تفتیەکانی تێدا هەڵێنجێ. هەیاس و قالەمەڕە و عەلی کەردار و حەسەن نازدارو بەیتەکانی باوکمم و ئازایی خاتون و ژیری یارەم لە دێڕی ئەو شێعرانەدادەی لە گوندەکانەوە چوونە قاوەخانەی شار بوونە بەستەی تێک هەڵپێکرانی شێعرەکان جوانی و ئەوین و سۆزیان تێدا دەڕازێتەوە.

ڕێگا لەبەرپێمدا وەک جیریکی گەرم بوو کێشی دەهات بڕانەوەی نییە. لابەڕۆژەکان لەبەرتینی خۆر کەچەڵ بوون ڕووت ڕووت تەنیا گۆگەمە ڕەقەکانی لێدەبینی. منیش بۆ قەدەرێک دەبوو بگەڕێمەوە دواوە تا جوانتر گوند و جوانی و گەشەی شار و دەوڵەمەندی پێنووسەکان دەرک بکەم. لامدا قاوەخانەی سەررێگاکەم هیلاکی لێدەرکەم و پارویەک نان و ماستاویش بخۆم. سەیرم کرد قاپوڕی تەلەڤیزیوێنەکە دەئایسێ. بێژەرەکە دیداری شێعری هەیە. زۆر لەباربوو لەم هەلە گوێی بدەمەمی چونکە لە ماندوویدا گوێدانە دێڕی شێعرەکان ئەهۆنیت دەدەنێ. دەبوو لەبری خۆخەریککردن بەگوێندانە هەواڵی ڕۆژنامەنووسە بازاڕیەکان، گوێ بدەمە دێڕی ئەو شێعرەی بێژەرێک لەگەڵ سەمای تاڵی عودێک خەریکی ڕازاندنەوەی بوو. دێڕی ئەو شێعرە پێداهەڵ گوتن و وێناکردنێ پێکەرێکە داتاشرابوو لە ڕواڵەتی ئەوێنێکی سەرگەردان لە بیابانێکی تۆزاوی پڕ لە لەشکری دەمامکدار، ئەویش جەستەی ژنێک بوو ببووە مێرخوزاری پێنووسەکان وەک زەوی بۆ بێستان خۆش بکەی وەرددەراوە.

لەدێڕی نەرمی شێعرەکە دیاربوو باسی لە ستەمێک دەکرد بەرگری لە بەیەک گەیشتنی دوو دڵ بوو. شێعرەکە بەگژ باوکدادەچوو مەنعی ئەوینی دڵەکانە بەبێ ئەوە بوێرێت ئاماژەیەک بە هەژگی دەوری ئەو کۆزەبکات باوکەکانی تێدا گەورەبوون. هیچ هەرباوک بوو ببووە گونجەی پیسایی دەبوو تفی لێبکەی بەبێ ئەوە قسەیەک لە وەستای گونجەکێش و یاسای ئاوەڕۆبکەی. تاواوی دێڕی شێعرەکە قەرەوڵی یاسایەک بوون پێیان وابوو ڕاست لە کەونێکی دوورەوە هاتووە دەبێ ئومەتەکانی ئەم کەونەش بەبێ سێودوو سەری بۆ دانەوێنن. لە دێڕی نەرمی

شێعرەکە دیارە خوێنەرەکە لە قڵپی ئەوینی تەنیایی خۆی چەمیوەتەوە سەر مێزەکەی ژێرئانیشکی بۆ تێکهەڵکێشانی بەستەکانی. بە گوێدانە ئەو هەڵبەستە. بەئەزموونی تێپەڕکردنی تەمەنی ژێر ژان و هەڵکۆڵینی کەندوکۆسپەکان و گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، زۆرتر تێگەیشتم شاعیرەکان کاتێک دەربڕینێک بەیان دەکەن زۆری ئەوانیش ڕۆحی فەیلەسوفە بیرقوڵەکان هەڵدەبژێرن تابەیانی ئەوەبکەن چۆن ئاماژەکان بۆ ژیان و دۆزینەوەی هەڵە و ەندروست بەئێمەی بڵێن. ئەویش شاعیری میللی ناس، نەک شاعیرە بازاڕیەکانی ژنیان کردۆتە بوکە شوشەی دەست گۆرانی بێژە بازاڕیەکانی وەک خۆیان، کە ئەگەر خاوەن شێعرەکان زیندوو دەبوون دەرکی یاسایان لەو بازاڕیانە دەگرت.

لێت ناشارمەوە من زۆر لەگەڵ بۆڵەبۆڵی شێعرنیم بۆ دەرکی حەقیقەتەکان. بەڵام ناش توانی خۆی لێلابدەی پێتوابێ ئەوەی دەکوترێ خەیاڵ و ناڵەی بەتاڵە. لێرەدا لەگەڵ ئەو بەشە لە قسەکانی زەڕدەشت نیم نیگای لەسەر هەڵبەست ڕەقە. پێموایە لە زۆربواری تایبەت ئەوە شاعیرە جوان ناسە سروشتیەکانن پێناسەیەکی قوڵی ئەو حەقیقەتە بەیان دەکەن کێشەکانی لێوە سەرچاوەدەگرن. قانع، نالێ، حاجی قادر، مەولەوی، مەحوی و هتدە.. ئەوەی منی لە خۆی دەکردە بێگانە پێناسەی جوانی و دۆزینەوەی خۆشەویستی لە جەستەی ژندابوو لە توێی شێعرەکە خۆی وێنادەکرد. دەمێکە لەخۆم دەپرسم ئاخر بۆچی دەبێ تەنیا ژن ببنەکالایەک بۆ وەسفی هەمووشت! تۆ سەیرکە ئاخر بۆ دەبێ مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە و خاوەن بیرمەند بەناوی ژن دابەزێتە خانەی هەوەسی پیاو و ئەوەش لە خامەی هەڵبەست وانەکان بکەینە گۆرانی و بەمە هەوەسی کاتی دامرکێنین. ئەی بۆ ژن و

سروشت و ئەقڵ نابنە سەنگی دامەزرانی هاوسەنگی بەش و ماف و لە یەک تێگەشیتن بۆ ئازادیەکی هاوسەنگ. دوبارە لێرە ڕوانینی زەڕدەشتم پەسندکرد چوومە خانەی نەیار لەگەڵ زۆر دەربڕینی ئەو شاعیرانە ژن و کەرامەتی ژن لە لەش و لەنجەی ژندا سەیردەکەن. دەبێ عەرزتان بکەم لێرەدایە هێڵی جوانی و وەسف بۆ دەربڕینەکان بۆ بەیانی کێشەکان لە جوانی و جەستەی ژن بە بەیانێکی پیاوەمەزنی دەزانم. هەرچەند بەپەلەبووم، بەڵام گوێمدا دێڕبەدێڕی شێعرەکە بزانم چۆن جەغزی ژیان و جوانی و حەقیقەت دەکێشێت.

لە نیگای خامەی شاعیرەوە شێعرەکە چووبووە وەسفی جوانییەک هیچ عەبێک بۆی نەبوو بەلایدابڕوا! سەدای بێژەر وەک نوکی بزامارێکی تیژ دێڕەکانی دادەکوتا سەرڕۆحی بینەرەکانی. تاڵی ژێرپەنجەی ژەنیاری ئامێرە عودەکەش وەک ماڵەی دەست وەستایەکی لێزان چۆن تۆپەڵە قوڕێکی خۆشکراو لە ڕوومەتی دیوارەکە هەڵدەسوێ و لوسی دەکات، تا کەلێن و سندی ڕوخساری دیوارەکەی پێ بشارێتەوە دەچوو. تەوسیفی شاعیر وێنای برینداری جەستەیەک بوو زۆر زاڵمانە برینداربووبێ و لەبەرخۆری بیابانێک کرمەڕێزبووبێ.

ئەوەی چاوەڕێی بووم پێموابوو پێنووسی بەخەم بۆ کەلتوورێکی دەوڵەمەند دەبوو شەقڵی خۆی دابڕێ لە دەربڕینی ناسروشتی. پێداهەڵگوتن بەوسفی ژن و ڕێگاڕۆیشتن و ڕازیکردنی دڵی ئەویندارەکە لە دێڕی ئەو شێعرە لە شێوەردێکی خۆشکراودەچوو پڕبوو لە بژاری زەرەدمەند بۆ شەتڵی نێژراو. بێژەر خۆشی وەک ئەویندار دەچوو ئیحساس و سۆز وادایگرتبوو سەدای ئەوبوو

نەغمەی ئامێرەکەی دەگۆڕی. لە جەغزی ئەو سەدایەدا هەستت دەکرد ئەو مۆمەی لەوێ دەئایسا گریان بە سەمای تیشکەکەی دیارە لە دەست ئەو ناهەقیەی دەردەبڕدرێ.

لێت ناشارمەوە بۆ ساتێک واڕۆچووبوومە ئەو دیمەنە منیش لەگەڵ ئەو چووبوومە ناو هەناسەی جوانی دێڕی شێعرەکە. غەم و ئیحساس وەک گۆلێکی لیتاوی دەچوو ڕۆحمی خستبووە سەرشەپۆلی خۆی. تازە دیمەنی کچە شۆڕشگێڕێکم لە ڕۆژئاوا دیتبوو پیاوەکانی دەوڵەتی شام بەبرینداری لە بەرزی باڵەخەنەیەک فڕێیان دەداخوار. تازە وێنای بەخاک سپاردنی ژنێکی کوژرانم لە مەریوان سەیرکردبوو. دیمەنی ژنێکم دەدی لەسەر دەربڕنێک پۆلێک پیاو بەئەڵاهوئەکبەر بەردەبارانیان دەکرد. وێنەی گۆڕستانی ژنە کوژراوەکانی کوردستانی باشوور وەک شەپۆلی دوکەڵی ڕەشی چاڵە نەوتەکان لە ڕۆحم چەقیبوو. ئەوانە بەناوی ئاین و بەزوڵمی پیاوو بە سەدای ئەڵلاهوئەکبەر سەریان پان کرابۆوە! لێرەش دەبوونە پێخەفی هەوەسی ناو گوڵدانی پێنووسی شاعیرێکی پیاو!

ئەوەی غەمباری دەکردی ژەنیاری عودەکە کیژێکی جوان بە لیباسی کورد ئاهەنگی نەغمەکانی دەڕازاندەوە. شێعرەکە پیاوێکی سمێڵ بابری دەیخوێندەوە بۆنی عەتری یەخەی کراسەکەی بۆگەنی بیری داپۆشی بوو. دەمناسی ئەوە خۆی توخمی داڕشتنی ئەو شێعرانەیە ژن تێیدابێبەهان. چواردە ژن بۆ پیاوێک، حەوت بێوەژن، حەوت کچ!! لەناو شەپۆلی سەمای نەغمەی تاڵی ئامێرە عودەکە بێژرە قومێکی لە ئەغزی سیغارەکەی دا وەک ئەوە دڵی مێرگێکە بە خوناوەی ئەم دێڕە شێعرە خاکە ڕەقەکەی شێی

تێچڕژاوە. سەرت ناهێشێنم کوتووپڕ غایلەیەک هاتە سەر دیواری ڕۆحم وەک پێمبڵێ: وریای نیگا و هەستتبە فریوی جوانیە ناخ تاڵ و هەست ساردەکان نەخۆی، کە بەڕواڵەت جوان و لێوبەخەندەن، بەڵام ناخ پیس و پڕلەبۆنی بێوەفایین. بێوەفایی وەک سیاسیەکانی بۆ تەماع و دەسەڵات و سێکس منداڵی خەڵک پەلەوەرکوژدەکەن. وەک سیاسیەکانی ئیقیانووس ئاسا ڕوحم بە هاوڕێ و جیران و سەوزایی گوێ ڕوبار و ئاوەدانی ماڵی خەڵک ناکەن.

ئەوە ئەو حەقیقەتەبوو بەرۆکی گرتم دەبێ لەوەسفی ئەو شێعرەدا جوانی بناسم! وەفا دەرک بکەم. ئەوانە بناسم بەسەروەت و بۆرە ناوێک ویقار دەدەنە خۆیان. ئەو سەروەتەی هەموو پیسیەکانیان بۆ دادەپۆشێ. سەروەت دەبێتە عەبای ئایەتوڵایەک خۆی ژن سیغەدەکات و ژن دەکاتە عەبدێکی دەستەمۆ. ئەو عەبایە سوددەخوات، چاوی تەماع لەناموسی جیرانەکەی دەبڕێ هیچ بۆ ئەو حەرام و سنوردارنییە. بەڵێ بۆرەسەروەت لەشی پیس دادەپۆشێ وەک ئەوەی ئەمڕۆ شا و وەزیر و ژن و پیاوە بەویقارەکانی دنیای پڕ لە شتی بەکەڵ ناویان چۆتە توێی پیسترین بێ ئەخلاقی.

لەو شێعردا دەوبوو ئەوەباشتر بناسم تاچەند باوەڕت بەوانەبێت لەگەڵتن. ئەوانەی وانەی هاوڕێی دەکەنە ملونکەی شۆڕش بۆ هەڵکشانی خۆیان بۆ دەسەڵات. ئەوانەی لە ساویلکەییت هەلی نامەردی دەبینن. پەڤی ئەو شێعرە هەموو پێناسەبوو کەسایەتیەکان لە کوێدا جێگای باوەڕن و دەکرێ متمانەی لەسەرهەڵچنی. لە دوای قسەکەی یارە کە تەوسیفی

جوانی گوندی کرد. قسەی دوێنەکەی هەیاس لەسەرچۆنیەتی نەورۆز لە زۆر بابەتی لەم چەشنە بەگومان ببووم، ئایا بەڕاست جوانی تاڵ و بۆگەن و پیس هەیە وا زۆری پێنووسەکان کردویانەتە پێخۆری ژیان! خۆ ئەگەر برێک ئاسایی چاو لە ژێرپێمان بکەین دەزانین ئەو شەقامەی پێی لەسەردادەنێن گۆڤاری بەیانی حەقیقەتی پیسی زۆر جوانین ئێمە تێیناگەیەن و هەست بە تاریکی ناخی ناکەین.

زۆرسادە ئەو سیاسی و بازرگانانەی لە کاتی شەڕ و کارەسات خەڵک دەکوژن. لە کاتی سوڵح دەت چەوسێننەوە وەک دیمەنی ئەو جوانیەبوو گوێم لێ بوو. وەک پەیڤی حیزبە کومونیستەکان دەچوو بەڵێنی بەهەشتی سەرزەویان دەدا بەڵام ڕەشترین دەسەڵات دەرچوون؟ لێرە جوان و ناشیرین، دینای تەمەدون و دنیای پڕ لەدز و درۆزن دەهاتنە ناودێڕی نادیاری شێعرەکە. ئەو جوانی و ناشیرینیە دەناسی لە کوێی پێنووسەکان قەراری گرتووە.

دەنگی فڕۆکەکان تادێت چڕتردەبن. دڵە ڕاوکێمە چەندە مرۆڤی بێتاوان لەبری شەڕخوازەکان بمرن. بە مانەوەی هەیاسی هاوڕێم لەژێرزەمینە شێدارەکەدا بە قاچی وەرەم داگرتوو زۆرتر تێڕامانم بۆ ناسینی جوانی و وەفا و حەقیقەت ڕۆچوونە خوێندنەوەی دەوروبەری خۆم چەندە فەرق و جیاوازیەکان لەیەک دوورن. ئایا لە سەرزەمینەی خۆرەتاو ژیان و خۆپاراستن و مودەعی پاداش تەنیا ئەوانەن مەوقعیەتی خۆیان لەسەر دەنگی ئێمە دەستەبەرکردووە! ئەی ئەگەر وانییە بۆچی دەسەڵاتی ئێمە ئیمکانی پاراستن و بەدەنگەوەهاتنی هاوبەش بۆ کەسانی وەک

هەیاس نییە؟ ئایا کەسانی وەک هەیاس کە لە کارکەوتن و توانای خزمەتیان نەمان شیاوی مردن. یانی لە کاتی بۆردمان و ئاورتێبەربوونی گەڕەکدا دەربازبوون مافی ئەوەیە هەیەتی و ساخە، یان یاسای بەرگری لە هەیاس هەیە لەم دۆخەدا دەرگای لێبکەنەوە.

ئەوە وانەیەکە دەبوو هەیاس و خولەی قالەڕاوچی و یارە و خاتون. تەنانەت هەمووومان جوانی حەقیقی لە چۆنیەتی دەوروبەرمان و لە تەنگانە و لەخۆشەویستی بەرژەوەندیەکاندا تێبگەین. ئەو بیرکردنەوە بۆ جوانی و وەفا و شکۆی مرۆڤایەتی بەربینگی گرتبووم وەک یاساناسێک داوای ڕوون کردنەوەی تاوانەکام لێبکات دەچوو. وەک بڵێی خۆشم بەشێک بم لەوستەمە. بەشێک بم لە شکڵ پێدانی موئەسیساتێک ئەو دەسەڵاتەی لێ خولقابێت دەبێ خەڵکانی وەک هەیاس فڕێدرێنە زبڵدانی شەقام. وادیارە منیش کارەکەری ئەو سیستەمە بووم وا سەرشۆڕانە بەلایدا تێدەپەڕم نامەوێ فزەبکەم.

نانەکەی داوام کردبوو خواردم. قومێکم لە سیغارەکەم دا. سەیرم کرد ئەوەی لێرەش دانیشتوون وەک من نوقمی سوڕانی شەپۆلی شاشەی جوانی تەلەڤیزیوێنەکەبوون. نازانم وشکی دوکەڵی سیغارەکە بوو یان تفتی زارم، زمانم وەک تەڵاشەدارێکی وشک بەبن مەڵاشووم نووسابوو. دەمم داچەقاندبوو سەیری تاڵی عودەکەم دەکرد لەژێرپەنجەی ژەنیارەکە ناڵەی دەهات. تیشکی شەرارەی مۆمی سەرمێزی بێژەرەکە چەقیبووە چاوم وەک سەرخۆش نیگام تاریک ببوو. هەست دەکەم جوانی لای ئەو شێعرە و هەستی بێژەر و ژەنیاری ئامێری عود سەرابێکە تەنیا

تونێتی ئەو ئەویندارانە دەشکێنێ ساکار ژیان سەیردەکا. دوای قدەرێک لە گوێدانە دەنگی بێژەرەکە و نالەی تاڵی ئامێرە عودەکە و سەمای گڕی مۆمەکە هیلاک بووم. بۆیە هیلاک بووم کەسانی وەک ئەو بێژە قەت نەیوێراوە ئامبازی یەک وشەی چەرەندوپەرەندی ناو ستەمەکان بێتەوە، ناویشی ڕوناکبیری سەردەمی خۆیەتی شاشەی تەلەڤیزیوێنە هەرزانەکان نانی لێدەخۆن. ئێستا لەبەرچاوم بێژەر گۆچانی دەست ستەم بوو چووبووە قاپوڕێ بەیانی جوانی دێری شێعرەکە. شێعرێک نەدەبوو ئاوا بەیان بکرێ.

وەک ئیماندارێک چۆن بۆ نەجاتی ئازیزی پەنا بۆ پەرتوکی پیرۆزی دەبا تاچەند دوعای شفابەخش بدۆزێتەوە تێکەڵ قومێک ئاوی بکات و بیداتێ. منیش هەستام چووم پەرتوکەکانی نالی و قانع و مەولەوی و حاجی قادر و وەلی دێوانە و گۆران و هەردیم لەڕەفحەی پەرتوکەکان هێناخوارێ. هێندێک لێیان ڕامام وەک مردوویەک لەبەردەستم بێ وابوو. چەند دڵۆپ ئەسرین بۆ نەورۆز و بۆ پیتە گرانبەهاکان و ڕەنجی پێنووسە هیلاکەکانم هەڵوەرداند.

نازانم چۆنت بۆ ڕوونەکەمەوە. ئەوەندەت عەرزدەکەم ڕۆحم وەک گوڵمیخ ڕۆچووبووە ناو ئەو دێڕەی وەسفی جوانی دەکرد. چەند پاڕوە نانی وشکم بەیارمەتی تەڕی ماستاوەکە قوتدابوو. دوکەڵی سیغارەکە بابردووی. زۆری موسافیری قاوەخانە هەستابوون ڕۆیبوون، کەچی وێنەی سەرشاشەی تەلەڤیزیوێنەکە لە نمایشی خۆی نەدەوەستا. ئەی هاوار بۆ مەگەر جوانی تەنیا لەدێڕی

شێعر و له لەنجەی ژندایه وا سەرخۆش و شێت و بینەرە تەندروستەکانیش کەیف سازدەکات.

نازانم بۆمبارانی فڕۆکەکان چیان له دوای خۆیان جێهێشتووە. له بەرخۆمەوە هاواردەکەم هەیاس مەمرە هەستە وەرێکەوە نوکی گۆچانەکەت بکه بەیداغی بانگەواز با ئێمەش وەک مەخلوقاتی خۆش شانس کۆبوونەوەی خۆشەویستی ڕێکخەین لەدەوری ئاڵێن له ستەم و درۆو دزی و تاڵانی و دووبەرەکەی کوردان ڕزگاربین.

لەو ئەیشومەیەدا ئەمشەو جوانی لێم بووە ماینێکی سەرکێش له ناو شێوەردا با سەمای به ڕیشاڵی یالی دەکرد. ماینێک مەجالی نەدەدا هیچ سوارچاکێک ڕمبازێنی پێبکات. کەچێ ئەوەی له پەیڤەکانی تۆ تێدەگەم دایم سەرکۆنەم دەکەی پێتوایه لەگەڵ وەتەکانی تۆ ناتەبام ئەی وڵاتی قاقڕ له ئەقڵی یەک بوون و دەستەمۆ بەبێگانه. بڕوات بێت قەت دژی شێعرە بەقیمەتەکان نیم! له دڵەوە هاوڕام لەگەڵت جوانی بەهرەیەکە شکۆی هەموو ئەوەیه ئەو جوانییەی پێوەدیارە. پێمبڵێ تۆ جوانی چۆن هەڵدەسەنگێنی. جوانی ئەوەیه شاعیرە دڵ پاکەکان وێنای دەکەن شۆکۆی مرۆڤی کورد له یەک بوونی خۆیدایە. نەک ئەوەیه بەناوی یاسا مافەکانی تێدا شاردراوەتەوە! من واتێدەگەم جوانی ئەو وەسفە شیرینە له ناو جوڵەی بوونەوەرەکانی دەمناسین لێ گومم بووە.

تازە گەیشتبوومە ئەو مەکانەی دەبوو دەرمانەکانی هەیاسی لێدەست بەخم. لای ئێمە دەنگی بۆمبای لێ نەبوو. کۆڵانەکان هێمنن. ڕیحانی جیرانمان هەست بەترس ناکات. دەرگای

ژوورەکەم کردەوەماڵێک بۆنی هاوسەرەکەم و خۆشەوستی وەک تەیمانی بیابانێک هێمنی دەدامێ. بەڵام ئەمڕۆ وەک لولەی کۆڵانی شەقامەکانم خاوێن کردبێتەوە هێندەم بۆنی ناشیرین هەڵمژی خەریکە دەخنکێم. بە ڕۆحێکی هیلاک هاستام چوومە هۆدە تاریکەکەی پشووم لێدەدا. هۆدەیەک لەبەرچاوم وەک قەفەزی ئاسنین بۆ هەناسەم زۆر تەنگەبەربوو. حۆل چوومە ژێر پێخەفەکەم نازانم چۆنیش خەو بردبوومیەوە. ئەمشەو گوێم لە پرخەی هاوسەرە هیلاکەکەم نەبوو. هاوسەرێک بۆ دەستەبەرکردنی ژیان وەک سەرباز تاریکی لە ماڵ دەچێتەدەر، تاریکی دێتەوە. جەستەیەکی هیلاک گیرانم بۆ ڕوخسارە ماندووەکەی دێت. ئەوەش تاوانی منە لاوی خۆم کردە فیدای بێوەفایانێک ئاخری پێیان گوتم هەڵاتووی و بە شکستی شۆڕشت بەجێهێشتوەا!

کەوپەڕی بەیانی خەریکی بەخەبەردێ، بەتەمایی ڕۆژێکی ئاسایی بەبێ هەواڵی درۆ و بەدوور لە بازاڕی هەڕاج بوونی کەرامەت سەیری ناوچاونی کەسەکانی خۆت بکەی بڵێ: ئای چ خۆشە ئەمڕۆ دینا لەبێدەنگ دەچێ. هێشتا لێفەبۆن ئارەقاویەکەی پێی خەوتووی لەسەرخۆت لانەداوە، قاپوڕی پلاستیکی پێوەندیەکانت سەد هەواڵی پڕوپوچ و قسەی سیاسەتمەداری سوشیال میدای فڕێداوەتە بەردەمت.

لەو شەپۆلە سامناکەدا گێژووهوڕ بەدەوری خۆتادەخولێیەوە بزانی کامە هەواڵ بەنیگەرانی و دڵە خورپەکانی تۆ نزکین. چاوە هیلاکەکەت هەڵدەگلۆفی سەیری یەک هەواڵ بکەی. نازانی

سەرلاپەڕەی هەواڵەکان ڕۆژی مەحشەری هەواڵی مەرگ و ئامادەباشی بۆشەڕ و هەڕەشەی دەوڵەتان لە یەکە.

که سەیری توێی گۆڤارە ڕامبووەکان دەکەی تێدەگەی چۆن ئیقیانوسەکان داپۆشراون بە پاپۆڕی عەجایەبی شەڕ نازانی چیها چەکی وێرانکەر ئامادەیە بۆ نابودی ژیان و ئاوارەیی و کوژرانی تەمدون. ئەو شەخسیات و ژن و پیاوە بە وێقارانەی ئەمڕۆ دۆست و هاوپەیمان و شەریکە توجاڕەتن، لەپڕ و لەسەربەشی زۆرتر بۆ خۆیان هەڕەشەی شەڕ لە یەکتردەکەن. وەک دیارە ئەوان تاوەکو بەقازانجیانە ئارام مرۆڤەکان لەو ئارامیەدا دەچەوسێننەوە. کە لە یەک توڕەبوون چەوساوەکان دەکەن سەربازی خۆیان لەبەرەکانی شەڕ بەکوشتیان دەدەن. جاوەرە ئەمە حەل کە.

کۆمپانیا ڕاگەیاندنەکان وەک ئامێری چەک سازی ئەوانیش دەوری کوشندەیان هەیە. ژەهراوی ترین ئامێر ئەو ئامێرە بێدوکەڵەیە بۆ فریودان و گوم کردنی ڕاستی و شێواندنی هەموو جوانیەکان دەبێتە ئامڕازی ئاکادیمیسێنەکانی خۆیان بەدیواری ئەقڵ و تەمەدونی بەشەریەوە هەڵواسیوە! پانتایی گۆڤارەکان پەردەی ئەو سینەمایەن زۆرجاران بەبینیان هێڵنجت دێت، چۆنە دەسەڵات بۆ مانی خۆی و بۆ خۆفەڕزکردن ئاوا شانۆیەک دەخوڵقێنێت هەموو جوانیە ڕاستەقینەکان تێیدا لەتوپاردەبن. لێرە ئیدی دێڕی شێعرەکان دەبنە کلوەبەفری تواوەی ناو هەڵمی دوکەڵی شەڕ. لە ئەڵقەی سەمای ئەو شەپۆلە شڵەقاوەدا قوماربازە سیاسیەکان بوونە چەند دەستە. دەستەیەک عەبای مەزهەبی لەبەرە. دەستەیەک مل پێچی دێموکراسی. دەستەیەک

ئەستێرەی عەداڵەت و کوتکی ڕوخێنەر. لەپاڵ ئەوانە خێڵی تاجرە فاسیدەکان بەتاڵان و درۆو بەکوشدانی مرۆڤەکان سوکناییان نەیەت. ئەوان قومارخانەی ڕابروادن و کایەکردن بە ژیانی مرۆڤە ساویلەکان دەڕازێننەوە ئێمەش سەمایان بۆ دەکەین.

سەیرە لەم دنیا بێئابڕوەدا هیچ قەحبەگەریە لەو قورماچیانە عەیب نییە! هەرچی دەیکەن لێیان جوانە چونکە خاوەن پێگەی سەروەتن. ناوداری ناو ڕاگەیاندن و دەسەڵات و کۆشکن. ئەوان بۆ زەوتکردنی سەروەت و لەغاوی بیرکردنەوەی تەمەندونەکان ئاسان شەردەنێنەوە. بەدبەختی ئەوەیە بێدەنگ و ئاژەڵ ئاسا مرۆڤە ساویلەکان دەبنە سەربازیان لە عەرزو ئاسمان خۆیانی بۆ بەکوشت دەدەن. بڕوانن هەموو دز و تاڵانیچیەکانی وڵاتی ئێمە بەناوی شاخوازی و ئیسلاح خوازی چۆن میداڵی دەسەڵات کوێری کردوون هیچ نین هەڕەشەی کوشتن لە کورددەکەن! ئەو حەیفە دەتکوژێ ناویشی دەنێن شەڕ بۆ دیموکراسی و هەنگاونان بۆ سوڵح و برایەتی؟ فەرماندە سەربازی و بڕیاردەری سیاسی هاواردەکەن: هۆی خەڵکینە دوعامان بۆ بکەن سەرکەوین. دوعامان بۆبکەن دوای مردن بچینە بەهەشت. بۆ سەربازەکان بپاڕێنەوە زۆرتر بەهێزبن بۆ کوشتن و شەلاڵی خوێنکردنی ئەقڵ. دوعامان بۆبکەم خواد بوردی چەکەکانمان زۆرتربکات. باڵی فڕۆکەکانمان قایمتربن چەکی دوژمن نەیبڕێ.

ڕەنگە ئەم قسەیە لای بڕێک بەگەمە و ساویلکانە بێتەئەژمار، پێیانوایە بەبڕێک خوێندەواری مرۆڤە کۆیلەکان تۆزی نەزانی و جەهلی و نۆکەری بەریان دەدات. نا لە دنیای ناتەمدون ئەو حەقیقەتە دایم دووبارەدەبنەوە دز و درۆزن و قاتڵ و تاڵانچیەکان

ئاسان دەگەڕێنەوە پێگەی خۆیان، چونکە کۆیلەکانیان خوگرتوون لە تاک پەرستی و خوڕافەگەریدا. چەقۆکێش و بێکەڵکەکانی شەقام بەناوی ئاکادیمیسێن و چونە زانکۆ و خاوەن بڕوانامەی شوغڵیان بۆیان دەبنە نووسەر و شاعیر و سەماکەر و سەرباز و گزیر. ئەوەی لەسەر تویێی گۆڤارەکان دەدوێن بەرلەهەمووی کوشتن و توانەوەی کورد و ئەقڵ و بێدەسەڵاتەکانە. شەلاڵی خوێن بوونی شەقامەکان لە کوردستان! وێنای لە قەتاردراوی جەنازەی کوڕو کچەلاوەکان لە کیسەی پلاستیکیدا وەک تایبەت بۆ شانۆیەکی ترسان و هەڕەشە ئامادەبووبن دێتە بەرچاو. شانۆیەک ئامادەکراوە بۆ دیاری نەورۆز و هەڕەشە. شانۆیەک دڵۆپ دڵۆپ ئەسرینی گوڵەنەوزۆرەی لێدەچۆڕێ.

ئەو ماڵی لێم لادابوو ماڵێکی ساردوسڕ لەبەر دەرگاکەی سەهۆڵ چۆکی نابووە سەرسنگی گیاوگژەکە. پێی ڕازیم دیوارەکەم ماچ کرد وەک پەنایەکی ئەمین بڕێک پشومدا و گەرم بوومەوە. لە دەلاقەی پەنجەرەکە سەیری دەرێ دەکەم. وەک هەمیشە چرۆی سەوزی دارسنۆبەرەکانم لێدیارە ئەوان بەکەیف دێنەبەرچاو لە ناو شەپۆلی بەستەڵەکی سەرمادایێدەکەنن. لەسەروی ئەوان کلوی بەفرەکان دەبزوون هێدی دێنەخوارێ تا لەسەرزەوی لە پەنابالای دارسنۆبەرکان خۆیان قایم کەن.

کلوە بەفرەکان ورد دادەبارن. تاق تاق ڕێبوار دەبزون. پیرەپیاوێک دەبینم ڕستەی سەگە کولکەنەکەی بەدەستەوەیە لە هێڵی ڕێگا و بەفرەکەدا پیاسەدەکەن. بەجوڵەیان دیارە پیاوەکە ئامۆژگاری سەگەکەی دەکا لەکاتی هاتنی کەسانی تر بەو هێڵەی

ئەوانی لێن خۆی لادا و مڕەی لێنەیەت. هەرجارێک سەگەکە وەڵامی باش بەخاوەنەکەی دەداتەوە، ئەو لەلایەن خاوەنەکەی دەنێک خواردنی قاوەیی ڕەنگ خەڵات وەردەگرێ. بە کلک بادانی سەگەکەد دیارە هەردوویان لە یەک ڕازین. دەڵێم بریا خاوەن بڕیارو سەروەتەکانیش خوی سەگە بەوەفاکانیان دەبوو بڕیک خۆیان لە شەڕ و پەلامار دەبوارد.

دەڵێم خۆزگە جوانی ڕوخسارەکان جێگای خۆی دەدا بەجوانی بیری سوڵح و ئاشتی و بەرگری لە شەڕ. خۆزگە دێڕی شێعرەکان دەبوونە یاسای نەتەوەیەکگرتووەکان دەسەڵاتدارانی مل کەچی خۆی دەکرد. ئەوە ئیجرابکەن خۆیان وەک جاڕنامەی مرۆڤایەتی پەسندیان کردووە. ئاخێکش لە سنگم دەترازێ خۆزگە کوردیش ئەقڵی یەک بوونی پەیدادەکرد. خۆزگە باوەڕەدینیەکان نەدەبوونە ڕێگر لە تەبایی. خۆزگە گەورە بەدەمارەکانی کورد جاڕنامەیەکی سوڵح و یەک بوونی ماڵی کوردیان واژۆبکردایە.

هەرچەند هیلاکم، بەڵام جەستەم لە ئامێزی هۆدەکەدا بڕێک گەرم بۆتەوە. پیاوە پیرەکە خۆی و سەگەکەی تێپەڕیون. هەوای ئێوارێش لێڵی کردووە. ڕۆدەچمە بیری ئەوە ئێستا بەڵێی بۆمباران چی لە شارەکەی هەیاس کردبێ. هیچ نازانم. سەدای فڕۆکەکان بڕانەوەی نییە ئەوان وەک شیشی گەرم دڕبە شەپۆلی ئاسمان دەدەن تا خۆیان بگەیەننە هەدەف بۆمبەکانی پێیانە دایڕێژن.

نازانم هەیاس و جیرانەکانی چۆنن. ئەو خەڵکەی لە ژێرزەمینیەکەی ئەوان خزابوون لەوێ ماون، بڵاوەیان کردووە نازانم. ئایا خولە لەوێ ماوە بۆ یارمەتی خاتون و خزمەتی

میوانان. بڕیک خاترم جەم بوو یارە و چەند کەسی بەمشورەی لێبوو ئەوان دەزان چیبکەن. هەیاس تەمەنی هەڵکشاوە. چەند کچی هەیە ئەوان بەتەون نانی خۆیان دەردێنن تا منەتی بۆرەپیاو و ڕەهبەری حیزبەکەیان هەڵنەگرن.

لەو تەنیاییەدا دەبێ سەیری ئەو نامەیەبکەم دەمێک نییە هەیاس بۆی نووسیبووم. نامەیەک وێنای بەڕێگاوەبوونی نەورۆزی کوردان وێنادەکات. نەورۆزێک دەبوو لەسەرویستی هەیاس بە گوڵ و سەمای ئاور خۆ بۆ پێشوازی ئامادەبکەین. نەورۆز هێمای کورد و بۆنەی شوناسی ئێمە. بەڵام لە دڵەوە هاواردەکەم دەڵێم نا پێمخۆش نییە ڕوخساری نەورۆزببینم. پێمخۆش نییە سەمای ئەو ئاورەببینم بۆ دادەگیرسێنن. نا نامەوێ هیچ دەستە گوڵێک ببینم بۆ بەخێرهاتنی نەورۆز ڕازابتەوە؟ لەخۆوەنییە ئەوە دەڵێم! ئەی هاوار چۆن ئەوە ڕەوایە گوڵی جیران و میللەتان بەشادی و گڕوگاڵ سەر لەژێر خاک دەردەهێنن، بەڵام هەرچی خونچەی ئامادەی دەستە گوڵی پێشوازی نەورۆزمە ستەمگەرانە دەنێژرێنە ژێرخاک و کوێستانی سەیرانم دەبنە کۆڕی شین. نەورۆز تووڕەمەبە چۆنت بێمە پێشواز بەهزارن دایکی شنیگێر قژیان لەسەر ئەو گوڵانە دەڕنن دەبوو ببنە سەماگێڕی خەندەی تۆ.

لەو شەڕە دەروونیەی لەگەڵ خۆم هەمە سەیری جوڵانی چەندچۆلەکە دەکەم لە بەرچاوم دەجوڵێن. ئەوان لەسەر قیسپی گوێسوانەکە ئەمبەراوبەردەکەن. بۆ قەدەرێک خەیاڵ دەمباتەوە بەرەو وەتەنێک لێی لەدایک بووم. وەتەنێک پڕ لە چیای چندراو لە هەموو ئەندازە و قەوارەیەکدا. گردەڕووتەکان. لاپاڵەکانی بەهاران پڕن لەگوڵ و گیای بۆن خۆش. چیای نەکەرۆز،

وەنەوشە، عاسمان بلاغی، کانیەساردەکانی نێوان تورجان و سەقز، کوێستانە پڕ لە گیابۆنە عەترەکان، حاجی کێمی و بووک و زاوا، چیای سپی ڕەز و کێلێ لەگەڵ حەوزە فاتازیاکەی لوتەکەی سپی ڕەز وەک چاوی زەوی لەگەڵ مانگ قسە دەکات. مخابن ئەو وەتەنە ئێستا زەوت بووە هەردەڵێی قەت نەم ناسیووە!

دەرمانەکانم بۆ هەیاس دەس کەوتووە دڵم خۆشە ئەوانە ئازارەکانی دەشکێنن. چاکەتەکەم لەبەردەکەم دەبێ بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی هەیاس بزانم چی بەسەرچیەوەماوە. تلوعی بەیانی زۆر ملی ئەو ڕێگا دەگرم پێیداهاتووم. ئەوەی لەوماوە دیومە لەناخما وەردی دەدەمەوە. دووبارە دەگەمەوە وڵاتی گەرمێن. دەگەمە سەرکانیەکە و نزیک گیاجاڕەکەی پێموابوو سەرچاوەی تەمەندونی مرۆڤ لێرەوە جوڵاوە. ئێستا نە وەرزێڕ و نەکیژی گوند و نەدێراوی بێستانەکان دیارە، نەک مەڵۆی گیا و نە سەوزایی بڕکەی بێستانەکان. گردێکی بۆر بێدەنگ تەنیا خۆیەتی.

لە دامێنی گوند تێدەپەڕم. دەکەومە سەرجادە قیرەکەی بۆ شاردەچوو. لەبری ئوتومبیل توشی داشقەیەک بووم پۆلێک ئاوارەی لەسەر دانیشون بارگینێکی پیر دەیکێشا تا ئەوەی ماوە لە پەلاماری بۆمب و هەرەسی ماڵە ڕوخاوەکان دووركەونەوە. یەکیانم دەناسی جیرانی هەیاسە. دەڵێم برادەر ئەرێ هەواڵی جیرانە شەل و بەسالاچووکەی خۆتانت هەیە؟:نانەخێرناوەلا ئەوە چەندرۆژە ئێمەش لەوبیابانە سەرگەردانین. نا کاکە خۆشمان نازانین کێمان ماوەو کێ نەماوە.

بارگین دەبزوێ جیرەی پێچکەی داشقە بەرزدەبێتەوە بۆ جولان. پشت لە یەک دەکەین. من بەدوای هەواڵی هەیاس ئەوان بۆ دەربازبوون لەژێربۆمب و دەنگی فڕۆکە. دەگەمە نزیک شار. چەند کۆلانی بەبۆمب ڕوخاو دەبینم هیچی بەسەرهیچەوە نەماوە. ماڵی هەیاس لە گەڕەکە هاکەزایەکانی شار هەڵکەوتووە. دڵخۆشی خۆم دەدەمەوە دەڵێم نا بۆمب ناگاتە ئەوناوە خۆی هیچ بینا و شوێنی پیشەسازی و سەربازی لێنیە.

کوتوپڕ بەسەر پۆلێک کەلاوای وێرانەدا کەوتم دەتگوت ساڵەهایە وێرانە. کۆلان و شەقام و بینای ماڵەکان تێکەڵ بوون. سەقفی بیناکان داتەپیون تەنانەت نیوەی شەقام و کۆلانیان گرتبوو. بۆ ماڵی هەیاس دەگەڕام. بەڕەقەمی سەر دەرگاکە ئاسەواری ماڵەکەیانم دۆزیەوە. دیوارە گڵینەکە و ئەو بڕە بلوکەی لەسەریەک بوو کرابووە ماڵ لەگەڵ شەپۆلی بۆمب و باڕوت وەک کەندڕی دەست سێلاو بەسەریەکدا ڕۆچووبوو. نا هیچ هێمایەکی بوون لەوناوەنییە! تاق تاق خەڵکی تۆزاوی و سەرگەردانم دەدی ئەوانیش بەدوای گومبووەکانی خۆیان دەگەڕان. لە ژنێکم پرسی ئەرێ خاوەنی ئەو ماڵە و جیرانەکانی دەرچوون یان. قسەکەم تەواونەبوو ژنە گوتی: خاڵە ئەم ناوە بەربۆمب کەوتووە. بەڵی زۆی مرد. هەیاس بەر پڕیشکی بۆم کەوت قاچە بەئازارەکەی پەڕێ، خاتون دەستی شکا و چاوێکی دەرپەڕی. بەڵێ ئێستا لە دەرەوەی شارن نازانم لە کوێن. نازانم هاوسەرەکەی خۆشم لە کوێیە. بەڵی ئەوە دۆخی ئێرەیە. ئەی تۆ کابرا سەرد لێشێواوە ڕووت لێرەکردووە. کوڕە لەم دۆخە ناوێری تەماشای کەلاوارِوخاوەکانی شاربکەی چ دەگاتە گیران بەدوای دۆستدا. پیاوەکانی حکومەت هەڕەشەمان لێدەکەن خراپ پێدانێن

گوللەبارانمان دەکەن! برۆ تا لەبری کوژران بەبۆمب پاریزەرانی تاران بەرگوللەیان نەداوی.

حۆل بووم چۆن شتی وادەبێ. هەیاس قاچی پڕی. خاتون دەستی شکاو چاوی لە دەستدا. ئەی دارتەونەکەی نانی بۆ دەردەهێنان چی لێبەسەرهاتووە! دەرمانی چارەسەری بۆ هەیاسم هێنابوو لە گیرفانم دەرهێنا بڕێک سەیرم کرد. ئاخر تازە ئەمە بۆ لەگەڵ خۆم بگێڕم! خۆ هەیاس ئەو قاچەی ئازاری بوو لە دەستی دا ئیدی چارەسەری بۆچییە. بێهوابەدەوری خۆم دەسوڕامەوە. نابەدڵی ڕێگام گرتەبەر ئەمجارەیان نازانم ئاوارەی کام کەونی ئەم گۆی زەویەدەبم. ئاوارەبونێک تێدا شوناس و هۆڤیەت و نەتەوەیت تێیدا بەرەو کاڵ بوونەوەدەچن.

خۆشم نەمدەزانی چیدەکەم. هەیاس قاچی پەڕی، خاتون دەست و چاوی لەدەستدا. کچەکانی دارتەونەکەیان لەدەستدا منیش خەریکە تەرکە وەتەن دەبم. نازانم هەیاس چۆن بەپێشوازی نەورۆز دەچێ. ئەی بڵێی قوتابیەکان مابن کۆڕی شێعرەکان بڕازێننەوە. ئەی کۆڕی شانۆی ئیلام چۆن دەتوانن هەیاس بدۆزنەوە بۆ پێشکەش کردنی شانۆکەیان. لەومالۆیرانتر ئەی بڵێن حاکمی شار هەمویانی گوللەباران نەکردبێ! فڕەی فڕۆکە و بارینی بۆمب ژێرخانی ژیان و بەیەک گەیشتنی دەنگەکانی وا دژوارکردووە قاپوڕە ژیرەکانیش سەریان لێشوابوو. لە حەساری هەیکەلی بینا ڕوخاوەکان دەسووڕامەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دەرچون. خەیاڵی هیوای هەیاس بۆ بەخێرهاتنی نەورۆز بن باڵی گرتم وەک پێمبڵێ نابێ ڕێگابدەی هیواکانت کاڵ بنەوە. نانا

**ئەگەر نەورۆز زۆرتر فرمێسک بۆ گوڵەکانی بڕێژێ نابێ ئێمە دەستەمۆی ترسی داگیرکاری بین.**

**ئەحمەد بەهرامی ۲۰٥٦/۳/۱۹, تورجانیزادە.**